**وانەی حەوتەم:**

## بەشی دووەم یاخود دەروازەی دووەم (الباب الثاني):

## لێکۆڵینەوەی تیۆری و لێکۆڵینەوەی پیشو وهاوشێوە(الدراسات النظرية والدراسات المسابقة والمشابهة):

لە دەروازەی دووەم باس لە ئەدەبیاتی تیۆری دەربارەی گۆڕاوەکان و کێشەی توێژینەوەکە دەکرێت. ئەمەش یەکەم جار لەرێگەی خستنە رووی چەمەك وتێگەیشتنی تیۆری دەربارەی لێکۆڵینەوەکە. دووەمیش لە رێگەی پێشکەش کردنی زانیاریەکان دەربارەی لێکۆڵینەوەکانی پێشوو یاخود هاوشێوە کە لێکۆڵینەوەیان کردوە پێشتر لەسەرە هەمان بابەت. بەمەش بەهۆی دەروازەی دووەم لە توێژینەوەکانی ماستەر و دکتورا روونکردنەوەی قوڵتر پێشکەش دەکرێ دەربارەی بابەتی لێکۆڵینەوەکە. کەوا بۆ خوێنەر بیرۆکەی فراوانتری دەبێت دەربارەی فەلەسەفەی توێژینەوەکە.

### ١. لێکۆڵینەوەی تیۆری (چوارجێوەی تیۆری):

واتە پێدانی بیرۆکە لە تێگەیشتنەکانی دەربارەی گۆڕاوە سەرەکیەکانی لێکۆڵینەوە کە لە ناونیشان هەن. ئەویش بنچینەی تیۆریە بۆ لێکۆڵینەوەکە بۆ پاڵپشت کردنی توێژینەوەکە و روونکردنەوەی بینینی جیاواز دەربارەی بابەتی تیۆری. وە بەرچاوخستنی تیۆریەکانی جۆراوجۆر و بیروڕای قوتابخانە جیاوازەکان. وە دەبێت توێژەر بیرۆ رای خۆی هەبێت و لایەنگیری بیرۆکەی قوتابخانەیەك بکات. وە دەبێت توێژەر دوربکەوێت لە بێلایەنی لە رووخستنەوەی بابەتە تیۆریەکان، چوونکە بێ لایەنی واتە توێژەری هیچ بینینی نیە. هەروەها توێژەر هەڵبستێ بە شیکردنەوە و رەخنەگرتن. کەوا هەرچەندە لێکۆڵینەوەی تیۆری روون و تێگەیشتوو بێت ئەوەندەش کێشەکە و لێکۆڵینەوەکەی روون وتێگەیشتوو دەبێت.

**مەرجەکانی نووسینی لێکۆڵینەوەی تیۆری:**

١. دەبێت بابەتەکان نوێ بێت پشت ببەستێ بە سەرچاوەکان و ئاماژەکانی نوێ.
٢. سەرچاوەکان متمانە پێکراو بن لە پەرتووك و سەرچاوەی پشت پێ بەستراو.
٣. دەبێت توێژەر بۆچوونی هەبێت نەك هەمووی وەرگیراو بێت لە سەرچاوە.
٤. بابەتەکان زنجیرەبکرێت بە پێی گرنگی لە ناونیشانەکەی توێژینەوەکە.
٥. زنجیرەکردنی نووسینی بابەتەکە بەم شێوەیە دەبێت (تێگەیشتن و گرنگیەکەی و جۆرەکانی .. هتد)

**هەندێ نموونە لە نووسینی لێکۆلینەوەی تیۆری:**

- **مثال للعنوان: "تقويم بعض المهارات الاساسية لدى لاعبي منتخب قسم التربية الرياضية كلية التربية الاساس في كرة القدم"**
- **نموونەی بۆ ناونیشانی"هەلسەنگاندنی هەندێ لە کارامەکانی بنچینەیی لەلاین یاریزانەکانی هەڵبژاردەی بەشی پەروەردەی وەرزش لە کۆلێژی پەروەردەی بنچینەیی لە تۆپی پێ"**

**٢-١ لێکۆلینەوەکانی تیرۆری (الدراسات النظرية)**

**٢-١-١ هەڵسەنگاندنی کارامەیی (التقويم المهاري):**

**٢-١-١-١ تێگەیشتنی هەڵسەنگاندنی کارامەیی (مفهوم التقويم المهاري):**

**٢-١-١-٢ جۆرەکانی هەڵسەنگاندنی کارمەیی (انواع التقويم المهاري):**

**٢-١-١-٣ گرنگی هەلسەنگاندنی کارامەیی (أهمية التقويم المهاري):**

**٢-١-٢ کرامەکانی بنچینەیی لە تۆپی پێ (المهارات الاساسية في كرة القدم):**

- **مثال للعنوان "تأثير استخدام أساليب تدريس مختلفة في تعلم بعض أنواع التهديف بكرة السلة".**
- **نموونەی بۆ ناونیشانی" بەکارهێنانی شێوازەکانی وانە ووتنی جۆراوجۆر لە فێربوونی هەندێ جۆرەکانی هاوێشتنی تۆپ لە تۆپی سەبەتە".**

**٢-١ لێکۆلینەوەکانی تیرۆری (الدراسات النظرية)**

**٢-١-١ شێوازەکانی وانە ووتن (أساليب التدريس):**

**٢-١-١-١ تێگەیشتنی شێوازەکانی وانەوتن (مفهوم اساليب التدريس):**

**٢-١-١-٢ جۆرەکانی شێوازەکانی وانەوتن (انواع أساليب التدريس):**

**٢-١-١-٣ مەرجەکانی هەڵبژاردنی شێوازەکانی وانە وتن (شروط اختيار اساليب التدريس):**

**٢-١-٢ هاوێشتنی تۆپی لە تۆپی سەبەتە (التهديف بكرة السلة):**

**٢-١-٢-١ جۆرەکانی هاوێشتنی تۆپ لە تۆپی سەبەتە (انواع التهديف بكرة السلة):**

**٢-١-٢-٢ کاریگەرکانی کاریگەر لە وردی هاوێشتنی تۆپ (العوامل المؤثرة بدقة التهديف):**

**٢. لێکۆڵینەوەی پێشو و لێکۆڵینەوەی هاوشێوە(الدراسات السابقة والدراسات المشابهة):**

- **لێکۆڵینەوەی پێشو(الدراسات السابقة): ئەو لێکۆڵینەوانەیە کە پێشی توێژەر کەوتوون لە ئەنجامدانی توێژینەوەکە واتە هەمان لێکۆڵینەوە و هەمان ناونیشان کە پێشتر ئەنجامدرا وە جیاوازیەکەی تەنیا لە جیاوازی کات و سامپلەکە دەبێت جا لە هامان شوێن بێت یاخود لە شوێنێکی تر لەوانەشە لە وولاتی تر بێت. کە دەتوانین لە رێگەی ئەم توێژینەوەی پێشوو بزانین هۆکار و کێشەی کە لە بنچینەدا توێژەر هەستا بە ئەنجامدانی توێژینەوەکە و زانینی ئەنجامەکانی کە پێی گەیشت و روونکردنەوەکان کە پێشکەشی کرد لە توێژینەوەکە. هەروەها بۆ زانینی گرنگترین رێگرەکانی کە رووبەرووی توێژەرەکە بوو لە توێژینەوەکەی پێشوو. بەمەش دەتوانرێت سوودی لێ وەربگیرێ بۆ خۆ لادان لە رێگرەکان بۆ لێکۆڵینەوەکەی بەر دەست.**
- **لێکۆڵینەوەی هاوشێوە یاخود لێکچوو (الدراسات المشابهة): ئەمەش ئەو لێکۆڵینەوانەن کە لێکچوو دەبێت لە هەندێ گۆراوەکانی ناو توێژینەوە بەڵام هەمووی نا. وە هەر گۆرانێك هەبێت لە نێوان توێژینەوەی بەردەست و توێژینەوەی تر ئەوا بە لێکۆڵینەوەی لێکچوو لەقەلەم دەدرێ. وا باشە هیچ باس لە لێکۆڵینەوەی لێکچوو نەکرێت لە دەروازەی دووەم ئەگەر لێکۆڵینەوەی پێشوو هەبێت دەکرێت هەندێ جاریش لێکۆڵینەوەی پێشوو لەگەل لێکچوو لەهەمان توێژینەوە ئاماژە بکرێن. بەڵام لێکۆڵینەوەی پێشوو گرنگترە لە لێکۆڵینەوەی لێکچوو لە باسکردنی لە بەشی دووەم.**

**شێوازی نووسین لێکۆڵینەوەی پێشوو و لێکچوو:**

توێژەر دەبێت کورتەیەك بنووسی دەربارەی لێکۆڵینەوەی پێشوو یاخو لێکچوو، بۆ خستنە رووی بۆ خوێنەر. شێوازی نووسینی جیاواز هەیە لە نووسینی لە نێوان توێژەرەکان بەڵام گشتیان وەك یەکن لە ناوەرۆکی کورتەکە، وە لە گرنگترین زانیاریەکان کە دەبێت باسی لێ بکرێت لە کورتەکە ئەمانەن:

١- ناوی توێژەر وسالەکەی (اسم الباحث والسنة) .
٢- ناونیشانەکە لە نێوان دوو کەوانەی بچووك "  " (عنوان البحث بين شولتين" ".)
٣- ئامانجەکانی توێژینەوە (أهداف البحث).
٤- میتۆدی توێژنەوەکە (منهج البحث).
٥- سامپلەکەی توێژینەوەکە (عينة البحث).
٦- گرنگترین دەرئەنجامەکان(أهم الاستنتاجات).
٧- گرنگترین راسپاردە (أهم التوصيات).
٨- نووسینی سەرچاوەی توێژینوەکە ( المصدر الذي اخذ منه الدراسة).